وەزارەتی دارایی عێراق دەست بەدابەشکردنی موچەی مانگی ئایاری خانەنشینان دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی دارایی عێراق دابەشکردنی موچەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی بە مانگی ئایار ڕاگەیاند.

وەزارەتی دارایی، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: وەزارەتی دارایی بەهەوبەرایەتی ژمێریاری ڕاسپاردوە کە دەستبکات بە دابەشکردنی موچەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی بە مانگی ئایار.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە :- هەڵکارەکانی دابەشکردنی موچە لەلایەن دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و بانکی ڕافیدەین و هەشید لە هەگبەی کارتی پارەدانی ئەلیکترۆنی ئەو بانکانەوە دەبێت.

وەزارەتی دارایی داوای لە خانەنشینان دەکات کە هەرکات کورتە نامەیان پێگەیشت،سەردانی لقی بانکەکان یان شوێنەکانی پارەدان بکەن لە بەغدا و پارێزگاکان بۆ وەرگرتنی موچەکانیان.